# گرینگی و بایەخی ئەفسانە

## (ئەفسانەی کوردی لە کار و بەرهەمەکانی عەزیز گەردی -دا)

پ. د. عوسمان دەشتی
(زانکۆی کۆیە – فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی)
( ١- ٢ )

**پێشەکی**

(ئەفسانە) بەشێکی گرینگ لە کەلەپووری ئەدەبیی فۆلکلۆریی گەلان پێک دەهێنێت، خۆشی جۆرێکە لە چیرۆک و گێڕانەوەی زارەکی لەبارەی ڕووداو و قارەمان و پاڵەوان و خواوەندەکانەوە. ئێستا لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی میللەتاندا وەکوو زانستێکی سەربەخۆ بە ناوی (ئەفسانەناسیی/ میتۆلۆژیا) ڕێباز و میتۆدێکی زانستی وەرگرتووە، ئەوجا پێوەندی لەنێوان ئەفسانە و مێژوو، ئەفسانە و ئایین، ئەفسانە و فەلسەفە و زانست... هەندێک لایەنی ئەو زانستە پێک دەهێنن.

هزری ئەفسانەیی لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ سەری هەڵداوە، واتە هیی سەرەتای ژیانی ئادەمیزادە، بۆیە زانایان بە هزر و بیری سەردەمی منداڵیی مرۆڤایەتی لە قەڵەمی دەدەن، لەو کاتەی کە مرۆڤەکان ویستوویانە وەڵامێک بۆ پرسیار و نهێنییەکانی ژیان و بوون و مردن و گەردوون بدۆزنەوە، تا ئەوەی قەناعەتێک پەیدا بکەن و ترس و ناڕەحەتی و دڵەڕاوکێ لە خۆیان دووربخەنەوە.

لەم بوارەدا کوردیش لە مەیدانی ئەدەبی ئەفسانەیی و مێژووی ئەفسانەسازیدا سامانێکی هەیە کە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە.

لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک نووسەر و توێژەر و پسپۆڕی کورد، قۆڵ و باسکی مەردایەتییان لێ هەڵماڵیوە، چ لە بواری کۆکردنەوەی سامانی حیکایەت و ئەفسانەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بێت، یان لە بواری لێکۆڵینەوە و ئەفسانەناسیی کوردیدا، کتێب و بەرهەم و توێژینەوەی زۆریان کردووە و چاپ و بڵاویان کردووەتەوە. لەم نێوەندەدا عەزیز گەردی لە ڕێگەی کتێب و بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانییەوە، بووەتە ناوێکی نەمر و درەوشاوە کە خزمەتێکی گەورەی بە بواری میراتی ئەفسانەناسیی کوردی کردووە.

کارەکانی عەزیز گەردی تایبەت بە بواری میتۆلۆژیا و ئەفسانەناسیی دەکرێ لە سێ لایەنەوە پۆلێن بکرێن؛

**یەکەم:** ئەو کار و بەرهەمانەی ناوبراو لە بواری ئەفسانەناسیی گەلاندا کردوونی کە خۆی زیاتر لە (٢٠) کتێب و بەرهەمی چاپکراودا دەبینێتەوە.

**دووەم:** ئەو کار و بەرهەمانەی کە تایبەتن بە ئەفسانەناسیی کوردی، بریتین لە (٧) بەرهەمی چاپکراو.

**سێیەم:** ئەو کار و بەرهەمانەی کە لەژێر سەردێر و ناوونیشانی (چیرۆک و هەقایەت و داستان)دا چاپ و بڵاوبوونەتەوە، جا چ تایبەت بن بە هەقایەت و چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی، یان هیی گەلانی دیکە، کە ئەم بەرهەمانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچنە خانەی ئەفسانەناسییەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت چەردەیەک لە کتێب و بەرهەمەکانی عەزیز گەردی، چ لە بواری ئەفسانەناسیی بە شێوەیەکی گشتی، یان ئەفسانەناسیی کوردیدا بێت بەتایبەتی، لەپاڵ بەرهەمەکانی بواری هەقایەت و چیرۆک و داستانی فۆلکلۆری، تاووتوو بکرێن و بخرێنە بەر باس و تیشکی لێکۆڵینەوە. توێژینەوەکە بێجگە لە پێشەکی، لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، هەر بەشێکیش چەند تەوەر و برگەیەک لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(١)

ا/ چەمک و پێناسەی ئەفسانە.

ب/ بایەخی ئەفسانە لە مێژووی ئەدەبی گەلاندا.

ج/ پێوەندی نێوان ئەفسانە و زانستەکانی دی (ئەفسانە و مێژوو، ئەفسانە و ئایین، ئەفسانە و فەلسەفە و زانست).

(٢)

ا/ بواری ئەفسانەناسیی لە کارەکانی (عەزیز گەردی)دا.



**عەزیز گەردی**

ب/ کار و کۆششی عەزیز گەردی لە بواری ئەفسانەناسیدا.

ج/ کتێب و بەرهەمەکانی عەزیز گەردی لە بواری ئەفسانەناسیی کوردیدا.

د/ بەرهەمەکانی عەزیز گەردی لە بواری (هەقایەت و چیرۆک و داستان)ی کوردی و بیانیدا.

ئەوجا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە. دواتر لیستی سەرچاوەکان (*)

وشە کلیلییەکان: ئەفسانە، ئەفسانەناسیی، عەزیز گەردی، ئەفسانەی کوردی، چیرۆک و داستان و هەقایەت.

(١)

**ا/ چەمک و پێناسەی ئەفسانە:**

ئەفسانە چیرۆکێکی گێڕانەوەیی ئەندێشەییە

لەبارەی خواوەندەکان و قارەمانەکانەوە، تێیدا لێکدانەوەی مرۆڤی سەرەتایی لەبارەی گەردوون و سروشت و جیهان و ڕووداو و دیاردەکانی بوون و ژیان و مردن دەخاتەڕوو، واتە دەربڕینی هەستی مرۆڤایەتییە لە ئاست ئەو دیاردانەدا (موکری، ١٩٨٤، ٤١).

ئادەمیزاد لە سەرەتادا ویستوویەتی لە دیاردەکانی سروشت وەکوو (برووسکە و بەفر و باران و لافاو، گژوگیا و ڕووەک و گیانلەبەران، نهێنییەکانی ژیان و مردن، هەستەکانی دەروون لە ترس و ئارەزوو ... تاد) بکۆڵێتەوە، تا وەڵامێک بۆ ئەو پرسیار و ئاڵۆزییە ئەزەلییانە بەدەست بخات، بۆیە پەنای بۆ چیرۆک و هەڵبەستنی ئەفسانە بردووە، تا دڵنیایی پەیدابکات و ئۆقرە و ئارامیی بە دەروونی ببەخشێت، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە چیرۆکی ئەفسانەیی: «لێکدانەوەی گشت ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هزرەکانی مرۆڤە» (عەباس، ٢٠١٩، ١٠).

خودی (ئەفسانە) وەکوو ژانرێکی ئەدەبی فۆلکلۆری، هەروەها زانستەکەیشی (میتۆلۆژیا)، بەلای بیرمەند و زانایانەوە پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، چونکێ بابەتەکە هەڵگری ئاماژەی فراوان و ڕەهەندی ئاڵۆزە، بەڵام وەک پێناسەیەکی گشتگیر دەگوترێت: «ئەفسانە، چیرۆکێکی پیرۆزە و نهێنییەکانی گەردوون و ژیانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات» (السواح، ٢٠٠١، ١٤).

**ب/ بایەخ و گرینگی ئەفسانە لە مێژووی ئەدەبی گەلاندا:**

مرۆڤی سەرەتایی لە گێژاوێکی پڕ لە ڕەمز و ڕاز و نهێنی ژیانی بەسەربردووە، بۆیە پەنای بردووەتە بەر هۆنینەوەی ئەفسانە، تا وەڵامێک بدۆزێتەوە، ئارامی و دڵنیایی پێ ببەخشێت بەرانبەر ئەو هەموو نهێنی و مەتەڵ و ئاڵۆزییانەی دەوریان داوە، لەمەشدا سەرکەوتوو بووە، هەروەک چۆن ئەفسانە وەکوو پێویستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی سەرەتایی بووە، چونکێ جۆرێک لە باوەڕی ئایینی سەبارەت بە دیاردەکانی ژیان و بوون و مردنی لە دڵیدا چەسپاندووە و لە ئاکامدا بووەتە هاوکارێکی گرینگ بۆ خۆناسینی مرۆڤ لەبارەی خۆیەوە.

لەم لایەنەوە ئەفسانە دەبێت بە ئاوێنەی ڕابوردووی میللەتان و پەردە لەسەر زۆر لایەنی بزر و شاراوەی گەلان و نەتەوەکان هەڵدەداتەوە، بۆ ئەوەی ڕاز و پەنهانەکانی ژیانی مرۆڤی کۆن و سەرەتایی بزانین، هەروەها ئەفسانە بووەتە قۆناغێکی دەستپێک و بنچینەیی بۆ گەلێک لە زانستەکانی دیکەی وەک ئەدەب، فەلسەفە، مێژوو، ئایینناسیی و سایکۆلۆژیا، تەنانەت ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی مرۆڤیش (عەباس، ٢٠١٩، ١٣).

ئەفسانە لە بنەڕەتدا بۆ زاخاوی مێشک و کات بەسەربردن و چێژی گێڕانەوە دروست نەبووە، بەڵکوو وەک گوترا یەکێک بووە لە پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤی سەرەتایی و لە ئاکامدا بووەتە بنەمای چەسپاندنی بەشێکی زۆر لە بیر و باوەڕەکانی مرۆڤ لە ئاست دیاردەکانی جیهان و ژیان، بە تایبەتیش ئەو باوەڕگەلەی پێوەندییان بە دابونەریت و باوەڕ و بۆنە ئایینییەکانەوە هەیە (موکری، ١٩٨٤، ٤١).

بە دیوێکی دیکەدا، ئەفسانە کەرەستەگەلێکی ڕۆشنبیرییە بۆ تێگەیشتن لە بیروباوەڕ و ئایینە کۆن و تازەکان، هەروەها لە ڕێی ئەفسانەوە دەتوانین پێوەندی نێوان مێژوو و ڕابوردووی ئەو گەلانە لە کۆندا دەستنیشان

بکەین. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێت وەک جۆرێک لە هۆشیاری و زانین بڕوانرێتە ئەفسانە بە مەبەستی تێگەیشتن و ناسینی جیهان و ڕابوردووی میللەتان (ڕەسووڵ، ١٩٧٩، ١٥)، ئەوجا لە ئاکامدا ئەوە ساغ بووەتەوە کەوا سەردەمی ئەفسانەیی ژیانی کۆمەڵگەکان، قۆناغێکی گرینگی سەرەتایی بیرکردنەوەی فەلسەفی مرۆڤ لە سەردەمێکی تایبەتدا نیشان دەدات.

**ج/ پێوەندی نێوان ئەفسانە و زانستەکانی تر:**

ئەفسانە پێکهاتەیەکی گرینگی ژیان و شارستانیەتی مرۆڤایەتییە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، بۆیە مێژوو و شارستانیەتی هەموو گەلانی دنیا بیر و هزری ئەفسانەیی ڕەگی تێدا داکوتاوە و لە هەموو بوار و سەردەمێکدا ئامادەیی هەیە (البدیل، ٢٠٠١، ٣٤٧). وەک لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، ئەفسانە ئەو زەمینە و پاشخانە فەلسەفییەیە کە لێیەوە مێژوو و ئایین و فەلسەفە و زانستەکان گەشەیان کردووە و گۆڕاون و پێشکەوتوون، بەواتای ئەوەی زەمینەیەکی بە پیت و بنچینەیی پێک هێناوە بۆ زۆرێک لەو زانستانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردوون.

- **ئەفسانە و مێژوو:** ئەگەر ئەفسانە بریتی بێت لە قارەمان و ڕووداو و ئەنجام و پەند و عیبرەتی مێژوویی، کەواتە زۆر لە مێژوو نزیک دەبێتەوە، با مێژوویەکی نیوە واقیعی و نیوە خەیاڵیش بێت، بۆیە زانایەکی وەک (هیرۆدۆتس) کە بە باوکی مێژوونووسی دادەنرێت، پێیوایە ئەفسانە لایەنە پیرۆز و پاکەکەی مێژووی کۆن و زارەکی مرۆڤایەتییە (حەسەن، ٢٠٢٠، ٥٥)، هەروەها زانای مێژوونووسی کوردیش، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێت، مێژوو سەرەتا بە ئەفسانە دەستی پێ کردووە، بۆیە ئێستا بووە بە کۆنترین سەرچاوە بۆ مێژوو و بۆ مێژوونووسان (ئەحمەد، ١٩٨٤، ٣٧).

- **ئەفسانە و ئایین:** ئەفسانە و ئایین زۆر بەیەکەوە پەیوەستن، تەنانەت ئایینە کۆنەکان لە خودی ئەفسانەوە داکەوتوون تا وای لێهاتووە بە زەحمەت بتوانرێت ئایین و ئەفسانە لێک جیابکرێنەوە، چونکی ناتوانین بزانین کامەیان کۆنترە، واش سەلمێنراوە کە ئایین خۆی لە ئەفسانەوە پێچاوە و ئەفسانەش خۆی لە ئایین لوول داوە، هەر بەو بۆنەیەوە دەگوترێت کەوا ئەفسانەی میسرییە کۆنەکان هەر زووبەزوو بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ئایینەکەیان، یان ئەوەتا هەر ئایینەکەیان سەرپاکی بووەتە کۆمەڵێک لەو ئەفسانانە (حەسەن/ا، ٢٠٢٠، ١٥).

دیارە بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆنی مرۆڤایەتی بگەین، ناشێ پشت لە باوەڕ و ئایینە کۆنەکان بکەین، لە کاتێکدا ئایین و ئەفسانە لەلایان بووە بە یەک شت، کەواتە ئەفسانە ئەو زەوییە بە پیتە بووە کە ئایینەکان لێیەوە گەشە و نەشونمایان کردووە، تا وای لێ هاتووە جیاکردنەوەی ئایین لە ئەفسانە کارێکی ئەستەم بێت و زۆر لە ئەفسانەکان ئەگەر لە ناوەڕۆکە ئایینییەکەیان بەتاڵ بکرێنەوە، مانایەکیان نامێنێت (آرمسترانگ، ١٣٩٠، ٣).

- **ئەفسانە و فەلسەفە:** لەبارەی پێوەندی نێوان ئەفسانە و فەلسەفەوە دەگوترێت ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە سەیری ئەفسانە بکەین، ئەوە دەتوانین بە جۆرێک لە ژیری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤی دابنێین، وەکوو چۆن هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤیشە بۆ ئەوەی لە ژیان بگات و جیهان بناسێت (ڕەسووڵ، ١٩٧٩، ١٥). لێرەوە ئەفسانە دەبێت بە سەرەتایەک بۆ

فەلسەفە، واتە سەرەتایەک بۆ ئەو سەرسوڕمان و بیرکردنەوە و پرسیار و وەڵامانەی مرۆڤ بەرانبەر بە ژیان و گەردوون و جیهان بەدوایاندا وێڵە، دیارە ئەم پرسیار و وەڵامانەش بە مەبەستی تێگەیشتنە لە بوون و لە ژیان (حەسەن/ا، ٢٠٢٠، ١٦).

- **ئەفسانە و زانست:** هزری میتۆلۆژیا و ئەفسانەناسیی، ئەو پردەیە کەوا ئەفسانە و زانست بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چونکێ ئەم جۆرە لە هزر و بیرکردنەوە ئەفسانەناسییە، بەشداری لە بنیادنانی سیستمی گەردوونی و پەرەپێدانی هزری زانستی بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان دەکات. زانایان زۆر گرینگیی بە بیروباوەڕە کۆنەکان دەدەن بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و گەیشتن بە بنچینەکانی زانستی سەردەم لە وێنەی کیمیا و فیزیا و گەردووناسی و ... تاد (البدیل، ٢٠٠١، ٥). ئەوە ڕوونە کەوا ئەفسانەکان لە بواری سایکۆلۆژیا و زانستی دەروونشیکاریدا ڕۆڵێکی گرینگیان لە شرۆڤەکردنی بەشێک لە خوو و ڕەوشت و ڕەفتار و کردارەکانی مرۆڤ هەیە. فرۆید و یۆنگ و هاوڕێکانیان لە زۆر لایەنەوە باوەڕیان بە ناوەڕۆکی هاوبەش لەنێوان (خەون) و (ئارەزوو) و (ئەفسانە)دا هەیە، شرۆڤە و لێکدانەوەکانیشیان بۆ خەون و پاڵنەر و ئارەزووەکانی مرۆڤ لە ئەفسانەی (ئۆدیب)ی یۆنانییەوە هەڵهێنجاوە (ستروس، ١٣٧٧، ٧٢).

(٢)

**ا/ بواری ئەفسانەناسیی لە کارەکانی عەزیز گەردی)دا:**

١. عەزیز عەبدوڵڵا ئەحمەد ناسراو بە (عەزیز گەردی)، نووسەر و توێژەرێکی گەورە و داهێنەری کوردە، لە ساڵی ١٩٤٨ لەدایک بووە و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٦ کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٩٥٥ چووەتە بەر خوێندن، لە ساڵی ١٩٦٨ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی (دار المعلمین الابتدائیة) تەواودەکات و بە مامۆستا دادەمەزرێت. لە ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٧٨ بە مامۆستایی دەچێتە بەغدا و لە دەورەیەکی زمانی ئینگلیزی بەشداری دەکات، بەو هۆیەوە دەبێتە وەرگێڕێکی بەتوان لە بواری ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بۆ سەر زمانی کوردی.

لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٨٤ بەشی زمانی فرەنسی لە زانکۆی مووسڵ دەخوێنێت و بە پلەی یەکەم دەردەچێت، بۆیە دەپاڵێورێت بۆ خوێندنی باڵا (ماجستێر و دوکتۆرا) لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس، بەڵام هەلومەرجی سیاسی دەبێتە کۆسپ لە بەردەم خوێندنەکەی. لە ساڵی ١٩٨٦دا وەک مامۆستای وانەبێژ لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین دەستبەکاردەبێت و بابەتەکانی کێشناسیی و ڕەوانبێژی و ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراورد دەڵێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٢ – ١٩٩٤ خوێندنی باڵا (ماجستێری ئەدەب) لە زانکۆی سەلاحەددین تەواودەکات و بابەتی نامەکەی لەمەڕ کێشی شیعری کلاسیکی کوردی بووە. لەوە بەدوا دەبێتە مامۆستای زانکۆ لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئاداب. لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥ – ١٩٩٨ قۆناغی دوکتۆرا دەخوێنێت و تێزەکەی لەبارەی (سەروا) لە شیعری کوردیدا بووە. لە ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠٠٩ دوکتۆرای دووەم لەبواری ئەدەبیاتی بەراورد (ئینگلیزی – کوردی) لە زانکۆی کۆیە دەخوێنێت، ناوونیشانی تێزەکەی بریتی بوو لە:

(Romeo and Juliet and Mam and Zin – A comparative study)

هـەر لـە قۆناغـی سـەرەتاییەوە هۆگـری خوێندنـەوە بـووە و چیرۆکـە شـیعرییە کوردییەکانـی خوێندووەتـەوە. لـە قۆناغـی (دار المعلمیـن)دا، سـەرباری ئەدەبیاتـی کـوردی، هۆگـری خوێندنـەوەی ئەدەبیاتـی عەرەبـی و جیهانـی دەبێـت، دواتر دەچێتە نێـو دنیـای نووسـین و وەرگێـڕان و لێکۆڵینـەوەوە. سـەرەتا لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـدا نووسـینەکانی بڵاودەکاتـەوە، پاشـان وەک نووسـەر و توێـژەر و وەرگێڕێکـی کارامـە بـە پێنـج زمـان (کـوردی، عەرەبـی، فارسـی، ئینگلیـزی و فەڕەنسـی) لـە دنیـای کتێـب و چاپەمەنـی کوردیـدا نـاو و ناوبانگـی لـە سایەی بەرهەمـە بەپیـت و بەبرشـتەکانی هـزر و بیر و قەڵەمەکـەی وەکـوو مانگـی چـواردە لـە ئاسـمانی ڕووناکبیـری کوردیـدا دەدرەوشـێتەوە (بەدرخـان، ٢٠٢٢، ٢٥).

**٢. کار و کۆششـی عەزیـز گـەردی لـە بـواری ئەفسانەناسـیدا:** لـە کۆی زیاتـر لە (١٥٠) بەرهەمی عەزیـز گـەردی لـە شـێوەی کتێـب و چاپەمەنـی کوردیـدا، نزیکـەی (٣٢) بەرهەمـی چاپکـراوی لـە قـەوارەی کتێبـدا، لـە بـواری ئەفسانەناسـیدایە، بەشـێکیان تایبەتـن بـە ئەفسانەناسـیی گـەلان و بەشێکیشـیان لەبـارەی ئەفسانەناسـیی کوردیـن، هەمووشـیان لـە زمانەکانـی (عەرەبـی، فارسـی، ئینگلیـزی و فەڕەنسـی)یەوە وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانـی کـوردی، کـە دەکـرێ بـەم شـێوەیەی خـوارەوە پۆلێنبەنـدی بکرێـن (مەعـروف، ٢٠٢١، ب٣، ١٥٥٥):

**١/٢/ ئەفسانەناسـیی گـەلان:** بریتییـە لـە (١٩) کتێـب و بەرهەمـی چاپکـراو لەبـارەی ئەفسـانەی گەلانـی دنیـادا لـە وێنـەی ئەفسـانەی (ئەرمەنـی ٢٠٠٦، هەنـگاری ٢٠٠٨، سـلۆڤاکی ٢٠٠٩، پێسـت سـوورەکانی ئەمریـکا ٢٠١١، چینـی ٢٠١١، ژاپۆنـی ٢٠١٢، تورکیایـی ٢٠١٢، ئەڵمانـی ٢٠١٢، ئەفریقـی ٢٠١٢، عەرەبـی ٢٠١٢، کەنەدایـی ٢٠١٤، مازەندەرانـی و تورکمـەن سـەحرایی ٢٠١٥، ئێرانـی ٢٠١٥، هینـدی ٢٠١٥، گریکـی ٢٠١٦، فیرعەونـی ٢٠١٥) (یاقوتـی، ٢٠١٦، ٩٤). ئـەم بەرهەمانـە لـە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسـی و عەرەبییـەوە وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانـی کـوردی و لـە کات و شـوێنی جیاوازدا چاپ و بڵاوکراونەتـەوە، بـەم شـێوەیە (ئینگلیـزی/١١، فارسـی/ ٦، عەرەبـی/٢).

**٢/٢/ ئەفسانەناسـیی کـوردی:** بەشـێکی تایبـەت لـە کار و کۆششـەکانی عەزیـز گـەردی لـە مەیدانـی ئەفسانەناسـیدا بریتیـن لـەو کتێـب و بەرهەمانـەی کـە لـە بـواری ئەفسانەناسـیی کوردیدا لـە زمانـی دیکـەوە وەریگێـڕاون بـۆ سـەر زمانـی کـوردی. ئـەم بەشـەیان لـە دنیـای ئـەدەب و ڕووناکبیـری کوردیـدا بایـەخ و گرینگییەکـی تایبەتـی هەیـە، بـەو هۆیـەی کـەوا یەکەمیـن نووسـەر و توێـژەری کـوردە ئـەو هەمـوو بەرهەمـەی لـە بـواری ئەفسانەناسـیی کوردیـدا وەرگێڕابێـت و پێشـکەش بـە کتێبخانـەی کـوردی کردبێـت کـە خـۆی لـە (حـەوت کتێبـی جۆراوجـۆر لـە قـەوارەی ٢٣٦١ لاپـەڕەی چاپکـراودا) دەبینێتـەوە، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

- ئەفسـانەی کـوردی، ٢٠٠٠، م. ب. ڕۆدینکـۆ، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٣٧٤ لاپـەڕە.
- ئەفسـانە و ڕازی کوردی، ٢٠٠٣، عەلی ئەشـرەف دەروێشـیان، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی، ٣٧٨ لاپـەڕە.
- ئەفسـانەی لـوڕی، ٢٠٠٤، داریـوش ڕەحمانیـان، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٣٣١ لاپـەڕە.
- داسـتانی حوسـێنی کـورد و چەنـد هەقایەتـی تـر (ئەفسـانە)، ٢٠٠٨، دەزگای چـاپ و پەخشـی

سەردەم، سلێمانی، ٣٨٤ لاپەڕە.

- ئەفسانەی کوردان، ٢٠١٠، ئۆردیخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل، وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٤٨٤ لاپەڕە.

- ئەفسانەی لادێنشینانی کورد، ٢٠١٢، مەنسوور یاقووتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٩٣ لاپەڕە.

- ماینی چل جوانوو (ئەفسانەی لادێنشینانی کورد)، ٢٠١٦، مەنسوور یاقووتی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، ٣١٧ لاپەڕە.

**٣. کار و بەرهەمی عەزیز گەردی لە بواری (چیرۆک و هەقایەت و داستان)دا:**

هەقایەت و داستان و چیرۆکی فۆلکلۆری بەشێکی گرینگ لە کولتوور و ڕۆشنبیری زارەکی (ئەدەبی فۆلکلۆری) گەلان پێک دەهێنن. ڕاستییەکەی ئەم ژانرانە زۆر لە ئەفسانە دوور ناکەونەوە و لە ناوەڕۆکدا بە چەندان ڕەگەز و ڕایەڵە یەک دەگرنەوە. عەزیز گەردی لە کار و بەرهەمەکانیدا بایەخێکی تایبەتیشی بەم لایەنەی ئەدەبی فۆلکلۆری داوە و چەندان بەرهەمی ناوازەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە بریتین لە:

١/٣/ چیرۆک و داستان و هەقایەتی گەلان:

١/١/٣/ ئەوانەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا وەریگێڕاون بۆ سەر زمانی کوردی، بریتین لە (یاقووتی، ٢٠١٢، ٩٤): (چیرۆکی بەر ئاگردان، ب١/ ١٩٧٩، بەرازەوان، / ١٩٧٩، قورینگ/ ١٩٧٩، جوتیارێکی زیرەک/ ١٩٧٩، چیرۆکەکانی ئیزۆپ/ ١٩٨٢، چیرۆکی بەر ئاگردان، ب٢/ ١٩٨٦، چیرۆکەکانی کریلۆڤ/ ١٩٩٩، کەوێتی دامەنتاری/ ٢٠٠٢، هەقایەتی کۆنی چینی/ ٢٠٠٣، درەختی چل داستان/ ٢٠٠٧، دنکە هەنار/ ٢٠٠٨، هەندێ چیرۆکی ئیزۆپ/ ٢٠١٧، هەندێ مەسەلۆکەی ئیزۆپ/ ٢٠١٩).

٢/١/٣/ ئەوانەی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاون بریتین لە: (شازادەی حەلوافرۆش/ ١٩٨٨، یەک چیای گەوهەر/ ١٩٩٩، تەلخوون/ ٢٠١١، هەقایەتی مەشەدی (گەلین خانم)/ ٢٠١٣).

٢/٣/ چیرۆک و داستان و هەقایەتی کوردی: لە بواری هەقایەتی کوردەواریشدا دوو بەرهەمی دانسقەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە کە ئەمانەن:

- هەقایەتی کوردی، ٢٠١٢، جۆیس بلۆ، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ١٤٨ لاپەڕە.

- هەقایەتی کوردەواری، ٢٠١٣، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٣٠٢ لاپەڕە.

وەکوو ئاشکرایە لەبەر نەبوونی کتێبخانە و ئەرشیڤێکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا کە هەموو کتێب و چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی نووسەر و توێژەرانی کورد بگرێتە خۆی، پەیبردن بە گشت کار و بەرهەمەکانی عەزیز گەردی کارێکی ئاسان نییە، بە هۆکاری تایبەتیش دەستمان بە ئەرشیف و کتێبخانە تایبەتییەکەی ماڵی خۆی ڕانەگەیشت، بۆیە بە پشتبەستن بەو ژێدەر و سەرچاوانەی لەبەردەستبوون، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامادەکراوە، بەهیوای گەیاندنی سوودێکی گشتی.

### ئەنجامەکان

- ئەفسانە بەشێکی گرینگ و بایەخدارە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلانی دنیا و لە قۆناغە

**سەرەتاییەکاندا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە چۆنیەتی هزرین و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی نەتەوەکانەوە هەیە.**

**– ئەفسانە و ئەفسانەناسیی (میتۆلۆژیا)، تیشک دەخاتە سەر زۆر لایەنی مێژوویی و شارستانیەتی مرۆڤایەتی، بۆیە وەکوو زانستێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.**

**– لەنێوان ئەفسانەناسیی و زانستەکانی دیکەی وەک مێژوو، ئایین، فەلسەفە و زانستدا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانیک هەیە، ئەفسانە بە قۆناغی یەکەم و بنچینەیی ئەو زانستانە دادەنرێت.**

**– لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، عەزیز گەردی وەک نووسەر و وەرگێڕ و توێژەرێکی هەڵکەوتوو، زۆرترین کار و بەرهەمی لە بواری ئەفسانەناسیدا پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.**

**– کار و کۆشش و بەرهەمەکانی عەزیز گەردی لە مەیدانی ئەفسانە و ئەفسانەناسیدا چەند لایەنی لەخۆگرتووە، وەک کار و بەرهەمەکانی لە بواری ئەفسانەناسیی گەلاندا، بەرهەمەکانی لە بواری ئەفسانەناسیی کوردیدا، لەپاڵ کار و بەرهەمە تایبەتییەکانی لە بوارەکانی (چیرۆک و داستان و هەقایەت)ی بیانی و کوردیدا.**

**لیستی ژێدەران**


**١. بە زمانی کوردی:**

– ئەحمەد، کەمال مەزهەر (دوکتۆر)، ١٩٨٤، مێژوو، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان.

– بەدرخان، حەمید ئەبوبەکر، ٢٠٢٢، عەزیز گەردی، پاشای زمان و وەرگێڕان (ئامادەکردن)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان.

– حەسەن/أ، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٠، قەدەغەشکێنی، ماڵی سوورەوەردی، سلێمانی.

– حەسەن/ب، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٠، گەڕان بەدوای نەمریدا، ماڵی سوورەوەردی، سلێمانی.

– ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا، (د)، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، زانکۆی سلێمانی.

– عەباس، محەمەد سلێمان، ٢٠١٩، فەرهەنگی ئەفسانە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

– مەعرووف، عەبدولڕەحمان، ٢٠٢١، ئینسکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر، ب٣، چاپی یەکەم، تاران.

– موکری، کامەران (محەمەد ئەحمەد تەها)، ١٩٨٤، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

– یاقووتی، مەنسوور، ٢٠١٦، ئەفسانەی لادێنشینانی کورد، وەرگێڕانی، عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**٢. بە زمانی عەرەبی:**

– البيديل، م. ف، ٢٠٠١، سحر الاساطير، ترجمة: حسان ميخائيل، منشورات دار علاءالدين، دمشق.

– السواح، فراس، ٢٠٠١، الاسطورة و المعنى، منشورات دار علاءالدين، دمشق.

**٣. بە زمانی فارسی:**

– آرمسترانگ، کارن، ١٣٩٠، تاریخ مختصر اسطوره، ترجمه: عباس مخبر، نشر مرکز، تهران.

– استروس، لوی و نویسندگان دیگر، ١٣٧٧، جهان اسطوره شناسی، ترجمه: جلال ستاری، نشر مرکز، تهران.